## باشە ئەوە  بۆ وەڵامە ؟

چاوی ڕەشمان کاڵ بۆوە، ئەم وشەیە پڕ بە پێستی ئەو وەڵامە بوو کە دەسەڵاتدارانی باشوور دایانەوە بە خەڵکی ڕاپەڕیوی کوردستان و سەرای ئازادی.

ناوەڕۆکی ئەم پەیامە کە چاوەڕوان دەکرا بە پیرەوە چوونی بەلانی کەمەوە هێندێ لە داواکاریەکانی خەڵک بێ، بەپێچەوانە لە هەموو پەیامەکانی پاش ١٧ شووبات کەم ڕەنگتر و بێ مایەتر بوو. نەک هەر هیچی تێدا نەبوو بەڵکوو وتار و داڕشتنەکەی دەگەڕێتەوە بۆ پێش ١٧ شوبات. بە مانایەکی دیکە هەڕەشە ، چەواشەکاری و بە شوڤێنیست ناوبردنی کەمینە و خەڵکی ناڕازی کوردستان و سەرای ئازادی بوو.

پرسیار ئەوەیە باشە ئەم عالیجەنابانە لە قوولایی و بەرینی ئەم ڕاپەڕینە بێ خەبەرن ؟  یا خەبەریان هەیە و خۆیان لە گێژی دەدەن.

ئەگەر بێ خەبەر بن، هێشتا هومێدێک هەیە کە وەخەبەر بێن و بەپیری داخوازیەکانەوە بێن و ئەم قەیرانە لەسەر میزی موزاکرە حەل و فەسڵ کەن .

بەڵام ئەگەر حاڵین و خۆیان لەگێژی دەدەن و باوەڕیان بەو شتە بێ مانایانەی کە نووسیویانە هەبێ و بیانەوێ ئەم بۆچونەیان بپارێزن، ئەوکات دەبێ دەست  بەدوعا بین کە خودا کورد و کوردستان لە ئەزموونی ئەم خیرەسەرییەی سەرانی پارتی و یەکییتی بپارێزێ.

لەم وەڵامەدا باسی ٩ شەهید و ٢٠٠ بریندار هەر ناکرێ. باسی کوشتوبڕ و گرتن و ئەهانت بە ژورنالیست و ڕۆشنبیران و دزی و دزیوی و گەندڵی ناکرێ.

تەنانەت باسی ئەوە ناکەن  بۆسەرۆک بە گوێی قسەکانی خۆشی ناکا ؟

باشە ١٧ خاڵە لەبار چووەکەی پارلمانە حیزبییەکە  چی بەسەر هات؟

خۆشترین شت تەعریفی دێموکراسی ئەم زاتانەیە.

سەرۆک دەڵێ: ئێمە باش دەزانیین کە ئەم حرەکەتە کەمیینەی لەپشتەوەیە و ئەم داواکاریانە دژی دێموکراسییە !

باشە ئەمانە چۆن لە دێموکراسی حالی بوون ؟

دیارە ئەوە ئەرکی کەمیینەیە کە بە وردی کەم و کوڕیی دەسەڵات زەق کاتەوە و بە خەڵک بڵێن ئەگر دەنگ بە ئێمە بدەن ئێمە کاری باشتر دەکەین .

ئەوەش زۆر ڕەوایە کە کەمیینە هەوڵی ئەوەبدا کە ناڕەزاییتی خەڵک بە ئاقاریکدا ببا کە خۆی دەیەوێ .

باشە ئەم وەڵامە توند و تیژە بۆ!

بەبڕوای من سەرانی ئەم دوو حیزبە پاش لێکدانەوە گەیشتوونە ئەم نەتیجەیە کە ناکرێ دەسبەرداری ئەم هەموو پوڵ وپارە و هێزە بن و پێشیان وایە کە دەکرێ بە شێوە و متوودی پێشویان یانی کوشتن و بڕیین و گرتن و بوختان و درۆ، بەسەر ئەزمەکەدا زاڵ بن.

پرسیار ئەوەیە ئایا ئەوەیان بۆ دەچێتە سەر و دەتوانن بە متوودی پێش ١٧ شوبات بەسەر ئەم قەیرانەدا سەرکەوەن ؟

بەبڕوای من نەتەنیا ناتوانن، بەڵکوو ئەو کەمە حورمەتەی ماویشیانە، لە دەست دەدەن.

کورد وتنی دەبنە پیری ئاخر شەڕ.

حسێن سەعیدی